# ئەگەر یەکێکتان هەستا بۆئەوەی نوێژ بکات، دەبێت بەربەستێک لە پێش خۆی دابنێت؛ هێندەی بەرزی زینی (سەر پشتی) ئاژەڵ، ئەگەر وا نەکات؛ ئەوا ئەگەر گوێدرێژ، وئافرەت، وسەگی ڕەش (بە پێشیدا تێپەڕ ببن) نوێژەکەی دەپچڕێنن

لە ئەبی زەڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان هەستا بۆئەوەی نوێژ بکات، دەبێت بەربەستێک لە پێش خۆی دابنێت؛ هێندەی بەرزی زینی (سەر پشتی) ئاژەڵ، ئەگەر شتێک لە پێشی نەبێت وەکو (بەرزی) زینەی سەرپشتی ئاژەڵ، ئەوا ئەگەر گوێدرێژ، وئافرەت، وسەگی ڕەش (بە پێشیدا تێپەڕ ببن) نوێژەکەی دەپچڕێنن (نوێژەکەی دروست نابێت وپوچەڵ دەبێتەوە)»، ووتم: ئەی ئەبا زەر، جیاوازی چییە لە نێوان سەگی ڕەش و سەگی سوور یان زەرد؟ (ئەبو زەر) ووتی: ئەی کوڕی برام، هەمان پرسیارەکەی تۆم لە پێغەمبەری خودا کرد-صلى الله عليه وسلم-، فەرمووی: «سەگی ڕەش شەیتانە». ولە گێڕانەوەیەکی تردا: ئیبن عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «نوێژ دەپچڕێت (دروست نابێت وپوچەڵ دەبێتەوە) بەهۆی (تێپەڕبوونی) ئافرەتێک تووشی سووڕی مانگانە بووبێت* وسەگ (لە پێش نوێژخوێنەکەوە)». *(ئافرەتێک تووشی سووڕی مانگانە بووبێت: مەبەست ئەوەیە باڵغ بووبێت)

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - موسلیم گێڕاویەتیەوە]

نوێژخوێن ئەگەر هەستا بۆ نوێژکردن ئەوا دەبێت سوترەیەک -بەربەستێک- بۆ نوێژەکەی دابنێت بەرزییەکەی هێندەی زینی سەر پشتی ئاژەڵ بێت کە ئەمیش هێندەی درێژی دوو لەسەر سێی باڵ دەکات، ئەگەر ئەمە نەکات و یەکێک لەمانە لە پێشیەوە تێپەڕ ببێت؛ نوێژەکەی دەپچڕێت وبەتاڵ دەبێتەوە -دروست نابێت-: ئافرەتی باڵغ، وگوێدرێژ، وسەگی ڕەش، ئەگەر سوترەیەک لە پێش خۆی دابنێت ئەوا تێپەڕبوونی هەرشتێک لە پشت سوترەکەوە زیان بە نوێژەکەی ناگەیەنێت ئەگەرچیش یەکێک بێت لەو سیانەی باسکران. لە گێڕانەوەیەکی تردا: گێڕەرەوەی فەرموودەکە بەناوی عبد الله کوڕی سامت ووتی: (ئەی ئەبا زەڕ، جیاوازی چییە لە نێوان سەگی ڕەش و سەگی سوور یان زەرد؟): واتە بۆچی سەگی ڕەش نوێژ دەپچڕێنێت بەڵام سەگەکانی تر بەو شێوەیە نین؟، ئەویش (ئەبو زەڕ) ووتی: ئەی کوڕی برام، هەمان پرسیارەکەی تۆم لە پێغەمبەری خودا کرد، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (سەگی ڕەش شەیتانە). ومەبەست لە پچڕانی نوێژ؛ واتا نوێژەکە دروست نابێت وپوچەڵ دەبێتەوە، ئەمیش فەتوای لیژنەی فەتوادانە (اللجنة الدائمة للإفتاء)، وهەندێک لە زانایان دەڵێن پچڕان واتا نوێژەکە کامڵ نابێت وخشوعی کەم دەبێتەوە بەڵام نوێژە دروستە وپوچەڵ نابێتەوە. وهەروەها باسکردنی ئافرەت لەگەڵ گوێدرێژ وسەگ پەنا بە خوای گەورە مەبەست بێڕێزی کردن نییە بە ئافرەت هەروەکو ئەمە گومانی هەندێک لە دوژمنانی ئاینی ئیسلامە، وباسکردنی دوو شت لەگەڵ یەکتر کە هەمان حوکمی سەرەنجامیان بێت مانای ئەوە نییە هاوشێوەی یەکتر بن، پیاو تووشی فیتنە دەبێت ئەگەر ئافرەت لە پێشیەوە تێپەڕ ببێت بە تایبەت لە کاتی نوێژدا بەهۆی ڕازاندنەوەی شەیتانەوە ئەگەرچیش ئافرەتەکە مەحرەمی بێت چونکە شەیتان بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدات نوێژ لە مسوڵمان بشێوێنێت وسەرقاڵی بکات بۆیە نوێژەکەی پوچەڵ دەبێتەوە، وسەبارەت بە سەگ هەروەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە شەیتانە وشەیتانیش هەموو شتێکی خراپ وزیانبەخش لەوەیە ئەنجامبدات دەرهەق بە مسوڵمانێک لە کاتی نوێژدا بێت ولەوەیە پەلاماری بدات وبترسێت وتووشی زیانی دەکات بۆیە نوێژەکەی دروست نابێت، وگوێدرێژ دەنگێکی لێوە دێت مرۆڤ سەرقاڵ دەکات وسەری لێ تێکدەدات وهەروەها شەیتان دەبینێت ولەوەیە لەو کاتەدا کە لە پێشی نوێژخوێنەوە تێپەڕ دەبێت شەیتان خۆی پێ نیشان بدات بۆئەوەی ئەو دەنگە ناخۆشە دەربکات بۆیە ئەمیش سەر لە نوێژخوێن تێکدەدات ونوێژەکەی پوچەڵ دەبێتەوە، ومرۆڤی مسوڵمانان لە فەرموودەی هاوشێوەی ئەمانە دەبێت ملکەچ بێت بۆ فەرمانی پێغەمبەری

خودا -صلى الله عليه وسلم- ودەبێت دڵنیا بێت لەوەی ڕاست وحیکمەت ئەوەیە لە سونەتی پێغەمبەردا هاتووە -صلى الله عليه وسلم-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10870